کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
16-7-2007 3:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لەگەڵ هەڵسوڕاوانی مەیدانی ژناندا ... ئامادەکردنی/ ئاسۆ گۆران**

لە درێژەی گفتووگۆ لەگەڵ هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ژناندا ئەم جارە گفتووگۆمان لە گەڵ (شارا عزیز) یەکێک لە هەڵسوڕاوانی ئەم مەیداندا دەبێت کە ماوەیەکی زۆر لە کوردستاندا دەوری بەرچاوی هەبووە بە پێی ئەزموونێک کە هەیەتی لەم بزووتنەوەیدا بە پێویستم زانی بیدوێنم. با پێکەوە بڕوانینە تێڕوانینەکانی شاراو بزانین چۆن دەدوێت!



پ/ ژنان لە کوردستاندا ڕۆژانە ڕووبەڕوی توندووتیژی دەبنەوە ئەم مەوجە توووندوتیژیە ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە. تۆ هۆکارئەم زیادبوونی توند و تیژیە دەگەڕێنیتەوە بۆ چی؟

و/نەبوونی یاسایەکی ئینسانی لەگەڵ سەردەم و کۆمەڵگادا. نەناسینی یەکترو قبوڵ نەکردنی شەخسیەتی یەکتر. کۆمەڵگایەکی بێ بەرنامەو سەرگەردان هەر ڕۆژە ڕەوشتێکی ئینسانی خۆی لەبار دەبات.. بیرو باوەڕی عەشیرەت گەری و پیاو سالاری ومەزهەب تا دێ زیندو تر دەکرێتەوە کە ژنان یەکەم قوربانیی ئەو عەقڵیەتانەن. ئەم یاسای جەنگەڵستانە کە بەهێزەکان بێ هێزەکان دەخۆن خەریکە بەرقەرار دەبێ، کوشتنی ژنان گەورەترین دەلیلی ئەم یاسایەیە. وە ئەم عەشاماتە ترسناک و قاتیلانە کە بە ئازادی دەسووڕێنەوە هۆی زیادبوونی ئەم توندوتیژیە یە. وە زەنگێکی خەتەرەبۆ سەرژیانی ژنان.

پ/ دەتوانن چۆن کار بۆ چارەسەری مەسەلەی ژنان بکەن لە کوردستاندا خاڵە بنەڕەتیەکانی ئەم چارەسەرە چییە؟

پ/ کار بۆ چارەسەری مەسەلەی ژنان لە کوردوستاندا پێم وایە کۆمەڵێک خەڵکی واقعی ومەیدانی پێ لە ئەرزلە ناو کۆمەڵگادابن ولەگەڵ ڕووداوەکان د ا بژین و جێ ی متمانەی خەڵکی بن. بڕوای تەواویان بە ڕزگاری ژنان هەبێت و بەرەی ئازادیخوازبن. ڕابەری ڕۆشنفکربن و وەعیان هە بێت.

پ/ئێستا هێز و بزوتنەوەی ژنان چۆنە و لە چ ئاستێکدایە دەسەڵات تا کۆێ هاوکاری ئەم بزووتنەویە دەکات؟

و/مەبەستی پرسیارەکەت لە هێزو بزووتنەوەی ژنان و بەرەی ئازادی خوازییە لە کوردستاندا/ ئەگەر ئەمەیە هەر ئێستا لە مەیداندان بۆ پاشەکشە پێکردنی بەرەی جەهالەت و خورافەت. نموونەی خەباتیان مێژوویەکی زۆر نزیکی هەیە، لە دەییەی نەوەدەکاندا لە کوردستان ئەم بەرەیە ڕابەراییەتیەکیان هەبوو بە ناوی (ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان) خەریک بوون دەبوونە بەدیلی دەسەڵاتداران و جێی متمانەی خەڵکی بوون، لە هەر شوێنێک ژنان بچەوسێندرانایەتەوە ئەوانی لێ ئاگادار بوونایە لەشوێنەکە بوون وکۆمەکی جددی و عەمەلی یان بە ژنان دەکرد، هەر لە خەستەخانە و مەحکەمەوسجن و پۆلیس ومالەکانیشدا هەبوون، چەند خانەی ئەمنی یان هەبوو، گیانی ژنانێکیان تیا ئەپاراست کە کەلە پووتەکان بە ناوی شەرەفەوە دەیانویست ژیانیان لێبسێنەوە. چەندەها نموونەی زیندوو مستەمسەک هەن لەسەر ئەمانە. وە ئەمانە بەشێک بوون لە دەستکەوتەکانی ئەم بەرەیە، بۆیە بەرەی جەهالەت و دەسەڵاتداران تەحەمولی ئەو وەزعەیان نەکرد، وە تا لەوە زیاتر نەکەونە ژێر پرسیارەوەبە هەموو هێزی خۆیان پەلامار یاندان و بارەگاکانیان داخستن وکارو چالاکیەکانیان قەدەغەکردن. بەڵام بوونی ئەم بەرەیە زەرووڕەتی حەتمی خۆی هەیە بۆیە خەباتیان بەردەوامە، ئەم ئازادی خوازانە توانیویانە زۆرێک لەوڵاتانی جیهان ئاگاداری مەسەلەی ژنان بکەن وهاوپشتی بە دەست بهێنین بۆ ئەم ڕووداوە وەحشەتناک و کەم وێنانە نیشانیان بدەن. لە دوو کەمپینی جیهانی دژ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بە ڕەشەکوژی وبەردەبارانکردنی ژنان لە کوردستان وگۆڕینی بەندی ژمارە 7 لە دەستوری کوردستاندابۆ جیایی دیین لەدەوڵەت هەموو ئەمانە وایان کردووە کۆمەڵگە بوونەتە دوو بەرە.
ئەوەش دەگەڕێتەوەسەر هاوکاری دەسەلأت دەبێ ناچاربکرێ مل بدا. دەسەلأتێک سەرچاوە ی یاساکەی مەزهەب بێ وە تا ئێستا بەشێک لە یاساکانی ڕژێمی بەعس پەیرەو دەکات چی لێ چاوەڕواندەکرێت...
ئەمانە کوردستانیان کردۆتە لانکەی ئەو نێرگەلەی بوونی خۆیان بە کوشتنی ژنان دەسەلمێنن. بۆ چارەسەری ی کێشە دەروونی و شەخسی یەکا نیان، ئەم مێشک بەتالأنە ژنێک دێنن و دەیکوژن. یەکێک حەزی لە ژنی تازەیە، یەکێک پارەی پێ نی یە، یەکێکی تر ڕقی لە کابرایەکەوناتوانێت مواجەهەی بکات.

پ/دە کرێت بزووتنەوەی ژنان بکەین بە هێزێکی تۆکمە و بەرەیەکی یەکگرتوو بە بیروڕای جیاوازیشەوە، بۆ بەرگرتن بە ڕەشە کوژی ژنان؟
و/هەرگیز. بەبیروڕای جیاوازەوە هێزی تۆکمەو بەرەی یەکگرتوو دروست نابێت بۆ بەرگرتن بە ڕەشەکوژی ژنان.
پ/پێتان وایە هەڵسووڕانی ژنان لە کوردستاندا نەخشی لەسەر دەسەلأت دانابێت، ژنانیش لەسەر مافەکانیان نەخشیان ڕۆشنە؟
و/ هەڵسوڕاوانی بەرە ی ئازادیخوازی ژنان نەخشیان ڕۆشنە لەسەر گۆڕینی یاسای جەهالەت و خورافەت بۆ یاسای مەدەنیەت. وە ڕزگار بوونی کۆمەڵگا و بە تایبەتی ژن بەندە بە یاساکەیەوە. نەخش دانان لەسەر دەسەلأت، ڕۆژنامەو سایتەکان ئەو واقعەی ئێستاهەیە لە کوردستاندا شاهید ی ئەونەخشەن کە ژنان هەیانە.

ئامادەکردنی/ئاسۆ گۆران
14-07-2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.